# با ئاوێنەکان نەشکێنین

قادرعەلیخا
(بۆکان)

پێشینیان وتەگەلێکی یەکجار زۆر و بە نرخیان بۆ ئێمە بە جێ هێشتووە کە بە لێوردبوونەوە لە هەرکامێکان دەبینی ئەزموونێکی زۆریان لە پشتە و کەڵک لێوەرگرتنی بە جێ لەو وتە و پەند و قسە نەستەقانە سوودێکی زۆری بۆ ئێمە تێدایە و دەبێ هەردەم وەک سامانێکی گەورە و پڕ بایەخ چاویان لێ بکەین و کەڵکیان لێوەرگرین، یەکێک لەو وتە جوانانە گوتەی «نان بە قەرزدان»ـە، ئەم وتەیە هەم تانەی تێدایە، هەم ئاگادارکردنەوە و هەم وتەیەکی نەستەق و خۆش و پڕمانایە و لە زۆر شوێنی ژیانی ئێمە دا کەڵکی لێ وەردەگیرێ و سەرەتای سەرهەڵدانەکەی دیار نییە و دیارە هەتا ژیانیش هەبێ، مێژووی کەڵک لێ وەرگرتنی بە سەر ناچێ و وەک دیارییەکی بە نرخی پێشینیانمان هەر بۆمان دەمێنێتەوە، وشەی نان بە قەرزدان هەر ئەوەندە نییە کە کەسێک نانێک، یان چەند نانێک بدات بە کەسێکی دیکە و دوای ماوەیەک لێی وەرگرێتەوە، ئەم کارە کارێکی بە جێیە و دەبێتە هۆی ئەوەی دوو کەس لە دوو ژەمدا برسی نەبن و بێ شێو سەر نەنێنەوە.

ئەم نان بە قەرزدانەی نێو وتە نەستەقەکە، کارێکی مەجازییە و سات و سەودایەکە و لە بەینی کەسێک و کەسێکی دیکە، یان کەسانێک و کەسانێکی دیکەدا دەکرێ و ئەم لێرە و ئەو لە شوێنێکی دیکە بۆی، یان بۆیان قەرەبوو بکاتەوە، ئەم شێوە نان بە قەرزدانە لە نێو گەلدا وەک کارێکی نەشیاو چاوی لێ دەکرێ و ئەو کەسانەی ئەم کارە دەکەن، وەک کەسانێکی هەلپەرست و دەرفەت قۆزەوە، دەناسرێن و ئەم وتەیان وەک تیلاوکێک تێ دەگیرێ و بە نان بە قەرزدەر چاویان لێ دەکرێ و کاری ئەوان، لەگەڵ ئەو وتەیەی کە هەر پێشینیان

کوتوویانە «ئارد بە ئارد بە قەرزدان، هەر دەست تۆزاوی دەبێ» جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە.

پێکهاتەی هەردوو قسە نەستەقەکە سەر چاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ گەنم، بەڵام لەنێوەرۆکدا جیاوازن و بە پێی پێوانە ڕەوشتییەکان، ئارد بە قەرزدان بە سەر نان بە قەرزداندا دەشکێتەوە، لێرەدا، وتەی ئارد بە قەرزدان وەک یارمەتی و دەستگیرۆیی چاوی لێ دەکرێ و پێداویستییەکی پێ چارەسەر دەکرێ و دەڵێن چ نییە، دەستێک تۆزاوی دەبێ، پێداویستییەک چارەسەر دەکرێ و دوایی بە تەکاندنی تۆزی دەستەکان، هەموو شتێک وەک خۆی لێ دێتەوە و یەکێک برسی نابێ و کەسیش زەرەری لێ ناکەوێ. کارێکی بە کردەوەشە و هەر قسەی ڕووت نییە، بەڵام لە نان بە قەرزداندا هیچ کردەوەیەک نابینرێت و فەرزێکە لە زارێکەوە بۆ زارێکی دیکە حەواڵە دەکرێ و ئەم کارە، هەم زەرەری بۆ هەر دوولا هەیە و هەم لە درێژ خایەنیشدا زیان لە کۆمەڵگا دەدات، چونکە ئەو کەسانەی فێرە نان بە قەرزدان دەبن بۆیان دەبێتە خوویەکی خراپ و ئەوەندە ئەم کارە دووبارە و چەند بارە دەکەنەوە هەتا بۆیان دەبێتە باوەڕ و لە ئاکامدا، ژیانیان پڕ دەبێ لە مەرایی و دووڕوویی و یەکتر بە گەوج زانین و - با- لە قول کردن و یەکتر هەڵداشتن و شێرە بەفرینە سازکردن.

ئەمڕۆ لە پەنای نان بە قەرزداندا لە نێو دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دیاردەیەکی نوێش سەری هەڵداوە و پەرەی سەندووە و هەر بۆ هەمان ئامانج کەڵکی لێ وەردەگیرێ و وەک پەتایەک هەموو لایەکی تەنیوەتەوە و تێکەڵ بە خوو و خدەکان بووە و دڵنیام لە داهاتوودا هەم زیان لە ئاکاری خەڵک دەدا و هەم زیان بە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەب و هونەر دەگەیەنێت، ئەویش دیاردەی «لایک بە قەرزدان»ە.

ئەگەر چاوێک بە کەناڵە ئەدەبی و هونەرییەکاندا بخشێنیت، دەیان و سەدان لایک و کۆمێنت دەبینی کە لە ژێر نووسراوەکاندا دانراون و بە نووسراوەکانیاندا هەڵکوتووە و بەو تاریفانەیان، بردوویانەتە تەشقی ئاسمان و وەک کارێکی باش و بە نرخ نرخاندوویانن و پێیاندا هەڵ کوتوون و بە وتەگەلێکی وەک: «بژی مامۆستا» و «خۆش بێ مامۆستا» و «دەست خۆش مامۆستا»، بەرەو پیری دەقەکە دەچن. ئەوە لە حاڵێکدایە، تەنانەت تەنیا کەسێک بۆ دەرمانی چاو ئێشە دەست ناکەوێ تێبینییەکی لە سەر نووسیبێ و ئاوڕێکی لە لایەنە لاوازەکانی ئەو نووسراوە دابێتەوە و ڕەخنەیەکی سووکی ئەدەبی لێ گرتبێ.

من دیتوومە کورتە شیعرێک، یان کورتە چیرۆکێک چەند هەڵەی زەقی تایپی و ڕێزمانی هەبووە و لە نێو ئەو هەموو لایک و کۆمێنتانەدا، تەنانەت کەسێک ئاماژەی بەو هەڵە سەرەتاییانە نەکردووە، ئیتر هەر باسی لاوازی پێکهاتە و داڕشتن و لایەنە هونەرییەکانی دەقەکان ناکەم کە دیارە ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵانە کارێکی دڵسۆزانە و هاوڕێیانەشە و پێم وا نییە کەسی ئەدیب و نووسەری شارەزا لە دنیای ڕەخنە و هەڵسەنگاندن لەو کارە دڵی بڕەنجێ، کەچی لە ترسی ئەوەی نەوەکا کەسانی دیکەش بەو چاوە لە کارەکانی ئەو بڕوانن و باسی هەڵەکانی بکەن، کەس خۆ لە قەرەی ئەو کارە نادا، لێرەدا پرسیارێک سەر هەڵدەدات، ئەی تۆ بڵێی ئەو کەسانەی ئەم کۆمێنت و لایکانە دەکەن، ئەوەندەیان زەحمەت بە خۆیان دابێ کارەکەیان بە وردی خوێندبێتەوە و دوایی بیروڕای خۆیان لەسەر دەربڕیبێت؟

ئەم کارە وای کردووە نووسەر، یان شاعیر، فێری دەست خۆش، دەست خۆش و ماشاڵا ماشاڵا بێ و پێکدا هەڵکوتن پەرە بستێنێ و زمانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، ببێتە زمانێکی نامۆ و بقەبقە و کەس نەوێرێ لە ترسی دژکردەوە خۆی لە قەرەی ئەو کارە بدا و چکۆلەترین هەڵسەنگاندن و تێبینی ببێتە هۆی دڵ ئێشان و لێکتر ماسین و پشت لە یەکتری کردن و کەس لە ترسی لێ ڕەنجاندنی خاوەن دەقەکان نەوێرێ لا لە لایەنە لاوازەکانی نووسراوەکان بکاتەوە و لە ئاکامدا ئەدەبێکی شیپڵتاوی زمان لووسی وڵات بتێنێتەوە و هەر کەس بە کەیفی خۆی بنووسێ و ئاستی شیعر و چیرۆک دابەزێ و دووکەڵەکەی بچێتە چاوی ئەدەبی کوردی و هەموومانی تێدا زەرەرمەند بین.

دیارە لە نێو ئەو نووسراوانەی کە لە نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکرێنەوە، زۆر نووسراوە و بیرەوەری و چیرۆک و شیعر، یان وتەی بە نرخ و خۆش هەن کە شیاوی لایک و پێدا هەڵکوتن و ڕێز لێ گرتن و پێویستە بۆ هاندانی نووسەرەکانیان ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و بنرخێنرێن و بە ڕێزەوە باس بکرێن و پشتگوێ نەخرێن،

چونکە ئەگەر ئاوڕی بە جێ لە کارە باشەکان نەدرێتەوە، ئەوەش بۆخۆی خەسارێکی گەورە ساز دەکا و دڵسارد کردنەوەی کەسە شیاو و دڵسۆزەکان، زیان لە ئەدەب و زمانەکەمان دەدا و ئەو ئەرکەمان دەخاتە سەر شان لە بەرانبەر کارە جوانەکانیشدا بێ دەنگ و بێ هەڵوێست نەبین، دڵنیام بێجگە لە کەسە ناودارەکان کە بەرهەمەکانیان گەیبوەتە ڕادەی ئەزموون لێوەرگرتن و لێ فێربوون، زۆر گەنجی خاوەن بەهرە و وردبین و دڵسۆز هەیە کە بە ڕێنوێنی و ڕەخنەی بەجێ، دەکرێ بخرێنە سەر ڕێگاڕاستەکە، هەتا لە داهاتوودا ببنە ژنان و پیاوانی گەورەی ئەدەب و هونەری گەلەکەمان.

ئەگەر ئێمە ڕەخنەی ئەدەبی لەگەڵ ڕەخنەی کەسایەتی لێک جوێ نەکەینەوە و هەڵسەنگاندنی دەقێکی ئەدەبی بە بێ ڕێزی بە خۆمان چاو لێ بکەین و دەق و نووسەر تێکەڵی باسەکە بکەین، ئەوە بە هەڵەدا چووین و دەبێ لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا پەرژینێکی ئەستوور دانێین و ئەوە بە هەموو لایەک ڕابگەیەنین. هەڵسەنگاندن، یان ڕەخنەگرتن لە دەقێک، هیچ پێوەندی بە کەسایەتی نووسەرەوە نییە و لەو کاتانەدا دەق وەک کارێکی جیاواز سەیری بکرێ و ئەو ڕێگایە بدەین بە ڕەخنەگران کاری خۆیان دڵسۆزانە بکەن، هەتا ئێمە لایەنی لاوازی دەقەکان ببینین و بە جێی ئەوەی ئەم ئاوێنانە بشکێنین، بیانسڕین و خۆمانیان لە بەر جوان بکەین و ڕێزیان لێ بگرین.

هەوڵ نەدەین ڕەخنە ئەدەبییەکان، بە وردەگلەیی و دڵێشان و زویر بوون و خۆ لێک بادان، وەڵام بدەینەوە، بەڵکو هەوڵ بدەین ڕەخنەی ئەدەبی بە قەڵەم و بە زمانی ڕەخنە وەڵام بدەینەوە، هەتا هەموو لایەک کارەکان بخوێننەوە و لە بەر یەکیان بگرن و سەرنجی جوانی و ناحەزی هەردوولا بدەن و بڕیاری خۆیان بدەن، ئەم مشتومڕە ئەدەبییانە گەل فێری ڕەخنە لێک گرتن و هەڵسەنگاندن و دڵ فراوانی دەکات کە ئەم کارە هەم باسی نوێ دێنێتە ئاراوە و هەم کومەڵگەی ئەدەبیش فێری ڕەخنە لێک گرتن دەبن و دیارە ئەم کارە هەم بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا باشە و هەم ئاستی تاقەتی نووسەران و شاعیران و ڕووناکبیران دەباتە سەرێ، ئەو گەلەی فێری ڕەخنە و ڕەخنە لێکگرتن بێ، دەتوانێ داهاتوویەکی ڕوونی هەبێ و پێش بکەوێ و گەشە بکات.

ئەگەر ئێمە ئەو لایک و کۆمێنت و دەست خۆش دەست خۆشە نەگۆڕین بۆ ڕەخنەی بە جێ و دڵسۆزانە، دڵنیام ئەم کارە زیانێکی زۆرمان پێ دەگەیەنێ و بێ ڕەخنە و ڕەخنە لە یەکتری وەرگرتن، بە هیچ جێگایەک ناگەین و مەستەخەسار دەمێنینەوە.

من لێرە دا ڕووی دەمم لەو کەسانەیە دڵسۆزانە و بەرپرسانە بۆ خزمەت بە ئەدەب و هونەر قۆڵیان لێ هەڵماڵیوە و دەیانەوێ خزمەت بە ئەدەب و هونەر بکەن و دەڵێم: پێدا هەڵکوتنی بێ جێ و بێ بنەما زیانی زۆر زیاترە لە ڕەخنەی توند و ئازاردەر و ئەوانەی ڕەخنەی بە جێت لێ دەگرن، زۆر دڵسۆزترن لەو کەسانەی هەر لە خۆوە پێتدا هەڵدەڵێن و سابوونت لە بن پێ دەدەن، بۆ ئەوەی هەڵت دێرن و تووشی سەر لێ شێواوی و لاق و دەست شکانت بکەن، لێرەدا ئەو قسەیەی ڕۆمن ڕۆلان بە نموونە دێنمەوە کە دەڵێ: «بە کوتنی ڕاستییەکان ئازارم بدە، بەڵام هیچ کاتێک بە درۆ ئارامیم پێ مەبەخشە.»

دڵنیام ئەو کەسانەی ڕەخنەی بە جێ دەگرن، زۆر لەو کەسانە دڵسۆزترن کە لایکی نابەجێ دەکەن، ئەو کەسانە دەبێ ڕێزیان زیاتر لێ بگیرێ و وەک ئاوێنەیەک چاویان لێ بکرێ و هەوڵ نەدەین بێ هوودە بیانشکێنین و بە قەڵەم ڕەق و ئاژاوەگێڕ و ئاو لێڵکەر ناویان نەبەین.

ئەگەر لەم سەردەمەدا بە پێچەوانەی ساڵانی پێشوو، کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان کەم بوونەتەوە، وەرن با تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەینە دەرفەتێک و لەوێوە هەوڵ بدەین پەرە بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و ڕەخنە بدەین و بە جێی نان، ئارد بە قەرز بدەین و ئەدەبەکەمان زیندوو و کارامە ڕابگرین.